

## پیرەمێردێک:

# کوڕەکانم نامگرنە خۆیان، منیش نامەوێ بچمە بەردەرگای زاواکانم، هەرچەندە پێم دەڵێن پێڵاوەکانت دەخەینە سەرسەرمان

زۆربەی ئافرەت و پیاوی بەساڵاچوو کاتێك فرمێسك لە چاوەکانیاندا قەتیس دەبێت، کە باسی بیرەوەرییەکانی خۆیان دەکەن، بەردەوامیش گلەیی لە کەسوکاری نزیکیان دەکەن، بەوەی کە بەرامبەریان بێوەفایی دەنوێنن و جگە لەوەی قەرەبووی ئەرك و ماندووبوونی ڕابردوویان نەکردووەتەوە، بەڵکو زۆرجار لە ماڵەوەش دەریان کردوون. بەپێی لێکۆڵینەوەی دەروونناسان ئاماری خەمۆکی لە تەمەنی بەساڵاچوویيدا لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ، تا رادەیەك وەکوو یەکە، بەڵام خەمۆکی لەو بەساڵاچووانەی لە خانەی بەساڵاچوواندا دەژین ٧٠٪ زیاترە لەو بەساڵاچووانەی لەگەڵ خێزانەکانیان دەژین. ئەوان هەنبانەیەکن لە بیرەوەری و ئەزموون و ئەوەی زۆر نیگەرانیان دەکات، ئەوەیە کە منداڵەکانیان وەفایان بۆ ماندووبوونی رابردوویان نییە، پیاوێکی بەساڵاچووش باسی ئاریشەکانی ژیانی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

حاجی کەمال تەمەنی ٦٤ ساڵە و دوای ئەوەی هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات، کوڕەکانی لێی بێزار دەبن و هیچیان ئامادە نابن بەخێوی بکەن، وەك خۆی باسی دەکات، باوکی سێ کوڕ و دوو کچە و گلەیی زۆریشی بەتایبەتی لە کوڕەکانی هەیە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «باوکی سێ کوڕم، بەڵام کوڕەکانم نامگرنە خۆیان، منیش نامەوێ بچمە بەردەرگای زاواکانم، هەرچەندە کچەکانم و تەنانەت هەردوو زاواکەشم پێم دەڵێن پێڵاوەکانت دەخەینە سەرسەرمان، هەتا ژنەکەم مابوو، بۆ خۆم پاشای هەردوو دنیا بووم، پیاو کە ژنەکەی مرد باشترە لەگەڵ ژنەکەی خۆی بخاتە قەبرەوە نەوەك ببیتە گاڵتەجاڕی کوڕ و بووك، ئەگەر دەمزانیبا بەبێ دایکی منداڵەکانم ئەوەندە ڕەزیل دەبم، قەت دڵیم عاجز نەدەکرد، ئەگەر دەمزانی کوڕەکانم وا بێ وەفا و سپڵە دەبن، یەك دینارم کۆنەدەکردەوە و هەرچی هەمان بووایە بەخۆ بە ژنەوە دەمانخوارد، من لە تەمەنی گەنجێتی تا هێزم تێدا بوو، کرێکاری و دواتریش کاری حەرەسیاتم کرد، کوڕەکانم پێ ناردنە زانکۆ، ئێستاش ڕەنجی ٦٠ ساڵەم بەباچوو، بەیانی ڕۆژ دەبیتەوە تا بانگی مەغریب لە مزگەوت دەمێنمەوە، شەوانەش هەر شەوە بۆماڵی خوشك و برا و ناسیاوێك دەچم، لەخوای گەورە داواکارم ئەمانەتەکەم لێ وەربگرێتەوە، چونکە بەرگەی ئەو هەموو زەلیلییە ناگرم.»

ئەو پیاوە بەساڵاچووە، دڵی پڕە و کاتێ باسی بیرەوەرییەکانی دەکات، فرمێسك بە سەر گۆنایدا گلار دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نییە لەوە زیاتر وشەیەك لە بارەی کۆسپەکانی بەردەم ژیانی خۆی بدرکێنێ. وەك خوی گوتی: «نامەوێ کەرامەتی کوڕەکانم بشکێ، بەڵام ڕێزی ماندووبوونی منیان نەگرت و تەواو..»

توێژەری دەروونی پاوان کۆیی، سەبارەت بەو گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونییە بەمجۆرە دێتەئاخافتن: «بەساڵاچوون یەکێکە لە قۆناغەکانی گەشەی تەمەنی مرۆڤ کە تێیدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری جەستەیی و دەرونی ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی گەشەیان بەرەو پاشەوەچوەن دەڕوات و دەتوانین بڵێین: کاتێ مرۆڤ دەچێتە تەمەنەوە، هاوشێوەی منداڵی ساوا خانەکانی لاواز دەبێت، بۆیە دایك باوك کە گەیشتنە ئەو تەمەنە، دەبێت کچ و کوڕەکانی گرینگیی تەواوی پێ بدەن، لە بەر ئەوەی جێگەی ڕێزن، نەك بەزەیی، چونکە هەوڵ و ماندووبوون و شەونخوونی و کۆششی ئەوان، ئەو نەوەی هێناوەتە بەرهەم. ڕاستە لەو تەمەنە وەك منداڵ تووڕە دەبن و ناتوانن هەڵچوونەکانیان کۆنترۆڵ بکەن و پرتە و بۆڵەی زۆر دەکەن، کە زۆر جاریش بەبێ هۆکارە، بەڵام ئەوان زۆرترین گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتییان هەیە، زۆر دڵناسك دەبن و هەست بە بێ هیوایی دەکەن. هەست بە تەنیایی دەکەن، کە دەبینن منداڵەکانیان سەردانیان ناکەن، وا هەست دەکەن پەراوێز خراون و کەس ئاگای لێیان نییە. زۆر بەداخەوە هەندێ لە خێزانەکان ئەو دایك و باوکانەی منداڵیان بە شێوەیەکی جوان و بە سۆز و خۆشەویستییەوە پەروەردە کردووە و پێیان گەیاندوون، تا بوونەتە خاوەن خێزان و ژیانی خۆیان، کەچی منداڵەکانیان هیچیان لەبەرچاو نییە کە ئەوان چییان بۆ کردوون و چ هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونێکیان بۆ کردوون تا گەیشتوون بەو ڕۆژە، ئێستاش منداڵەکان ئەو دایك و باوکانە بە بارگرانی دادەنێن لە ماڵەوە و وەك و پێویست خزمەتیان ناکەن و بیانوو دەدۆزنەوە و ڕێزیان لێ ناگرن، بەتایبەتی دایك و باوك لەو تەمەنە بە هۆی خراپیی باری تەندروستی و کەمیی هێز و توانایی کە هەست بە بێهێزی و زەلیلی دەکەن، فشارێکی گەورەی دەروونییان لەسەر دروست دەبێت. هەندێ جاریش کچ و کوڕەکان هەر یەك بە بیانوویەکەوە، خۆیان لە بەخێوکردن و خزمەتکردنی دایك و باوکی بەساڵاچوویان دەدزنەوە و تەنانەت دەیانبەنە خانەی بەساڵاچووان و سەردانیشیان ناکەن، ئەمەش بێگومان زیاتر لایەنی دەروونییان تێك دەدات، تا ئەو ڕاددەیە کە هیوای مردن دەخوازن. بۆیە بەپێی ئایین و بەها ئەخلاقییەکان پێویستە لەسەر منداڵەکان مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ دایك و باوکی بەساڵاچوویان بکەن، تا ماندوو نەبن و ئەوەش مافی خۆیانە، چونکە بە هۆی ئەوانەوە گەیشتوونەتە ئەو ڕۆژە، بۆیە واجبە لەسەرمان بە جوانی خزمەتیان بکەین، بە میهرەبانترین شێوە، چونکە لەو تەمەنە دایك و باوك هەستیان ناسکە و دەبێت دڵیان ڕابگرین و خزمەتیان بکەین و چاودێرییەکی وردیان بکەین و گرینگیی زیاتریان پێ بدەین، لانیکەم دەبێت ئەوە بزانین کە دایك و باوك شتێکن، دووبارە بوونەوەیان نییە.»

**هەتا ژنەکەم مابوو، بۆ خۆم پاشای هەردوو دونیا بووم، پیاو کە ژنەکەی مرد باشترە لەگەڵ ژنەکەی خۆی بخاتە قەبرەوە نەوەک ببیتە گاڵتەجاڕی کوڕ و بووک**

**لەخوای گەورە داواکارم ئەمانەتەکەم لێ وەربگرێتەوە، چونکە بەرگەی ئەو هەموو زەلیلییە ناگرم**

**بەپێی ئایین و بەهاکانی ئەخلاقی پێویستە لە سەر منداڵەکان مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ دایک و باوکی بەساڵاچوویان بکەن**

**لەو تەمەنە دایک و باوک هەستیان ناسکە و دەبێت دڵیان ڕابگرین و خزمەتیان بکەین و چاودێرییەکی وردیان بکەین و گرینگیی زیاتریان پێ بدەین، لانیکەم دەبێت ئەوە بزانین کە دایک و باوک شتێکن، دووبارە بوونەوەیان نییە**

# داوا دەکرێت لە زانکۆ و پەیمانەگان برەو بەو بەشانە بدرێت کە هەلی کاریان زیاترە

دوارۆژ قادر دەرچووی زانکۆیە و وەك خۆی باسی دەکات، ماوەی سێ ساڵە خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە و تا ئێستا دانەمەزراوە. هەر لەمبارەیەوە گوتی: «کۆلیژی یاسای زانکۆی ئیشقم تەواو کرد، دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستا لە ماڵەوە بێکار دانیشتووم، لە کاتێکدا هەموو ئاواتم ئەوە بوو دوای تەواوکردنی خوێندن دەستم لە کارێك گیر ببێت و کەم تا زۆر بتوانم قەرزی دایك و باوکم بدەمەوە، کە هەردووکیان شەو و رۆژیان خستە سەریەك و کاریان کرد، تاوەکو من بە پارەیەکی زۆر لە زانکۆ بخوێنم، ئێستا زۆر پەشیمانم لەو بەشەی کە هەڵمبژارد، خۆزگە بەشی زمان، یان ئایتیم بخوێندبایە، ئەوکات تێچووی کەمتر و کاتی کەمتری دەویست، ئەمڕۆش بە ئاسانی کارم دەست دەکەوت، چونکە لە ئێستادا کاری پارێزەری بۆ ئەوانە زۆرە کە کار لەسەر کەیسی تیرۆر و ماددەی هۆشبەر دەکەن، ئێمەی گەنج و تازە دەرچووان ئەزموونمان لەو کارانەدا کەمە.»

نێچیرڤان حوسێن سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان بێکارن، بەشێکی بەهۆی دانەمەزراندنیان لەلایەن حکومەتەوە بەهۆی زۆریی رێژەی فەرمانبەران، بەشێکی تری بەهۆی کەمبوونەوەی پرۆژەکانی کەرتی تایبەت لە پێنج ساڵی رابردوودا و بەشێکی بەرچاوی بەهۆی رەچاونەکردنی پێویستییەکانی بازاڕی کار لە کاتی کردنەوەی بەشە جیاوازەکانی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێم و نەبوونی پلانی ورد و دیراسەکراو بۆ ئامادەکردنی دەرچووان بە باشترین شێوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی بازاڕی کار بە هێزی کاری خۆماڵی. هەر لەو سۆنگەیەشەوە، لە یاداشتێکدا کە لە ٢٠١٩/٩/١٢ ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کردووە، پێداگری یەکێتی قوتابیانی کوردستانمان لەبارەی پێویستی گرنگیدانی زانکۆ بەو بوارە خستووەتەڕوو، هەروەها جەختمان کردووەتەوە لەوەی کە پێویستە زانکۆکان بکرێن بە ناوەندێك بۆ پێگەیاندن و پڕکردنەوەی پێویستییەکانی بازاڕ و هەلی کار.»

ماجید خەلیل مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی بەشی مێژووە لە کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە بەرنامەی



**لە پێناوی بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی و ئەکادیمیی زانکۆ و پەیمانگەکان لە هەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاست و توانای قوتابییان و زیادکردنی هەلی کار بۆ دەرچووان، داوا دەکرێت زانکۆ ناوەندێك نەبێت بۆ پێدانی بڕوانامە، بەڵکو ناوەندێك بێت بۆ پێگەیاندن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بازاڕ و هەلی کار، هەروەها کار لەسەر ئەو بەشانە بکرێت کە بۆ بازاڕی ئەمڕۆی کوردستان پێویستە و دەرچووان بە ئاسانی کاریان دەست بکەوێت. لە ئێستادا بازاڕی کوردستان لە هەردوو کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی ناتوانێت وەك پێویست هەلی کار بڕەخسێنێت بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، لەلایەکی دیکەوە کردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە زانکۆ و پەیمانگەی ئەهلی بەبێ بەرنامە و پلان بۆ ئایندەی دەرچووەکانیان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان، وادەکات ڕێژەی ساڵانەی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان زیاتر بکات، کە نە لە کەرتی تایبەت و نە لە کەرتی گشتی جێگەیان نابێتەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ئەو پرسە گرینگە تاوتوێ دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ڕێکخستنی دەرچووانی زانکۆدا کێشەیەکی گەورە هەیە کە حکومەت بە پلەی یەکەم ڕووبەڕووی بۆتەوە، لەم نێوەندەدا دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان قوربانین، نزیکەی حەوت ساڵە دامەزراندن بە پێی پێویست نییە، بەش و کۆلیژی وا هەن یەك کەسیشیان دانەمەزراون، ئەمەش وابەستەیە بەو قەیرانە ئیدارییەی یان ئەو دابەشکاری هەلی کارەی کە دامەزراوەکانی حکومەتی تێکەوتووە، چارەسەریش ئەوەیە کە کردنەوەی بەشەکان بەپێی ئەو فەراغانە بێت کە لە دامەزراوەکانی حکومەتدا هەن، ئەوەش ئێجگار گرنگە ئیشی لەسەر بکرێت و پێویستە پلان و ستراتیژ هەبێت، پێموایە تائێستا حاڵەتێکی لەمجۆرە ئیشی لەسەر نەکراوە، هیوادارین کابینەی نوێ ئیشێك لەمبارەیەوە بکات، دەبێ هاوسەنگییەك بۆ ڕێژەی فەرمانبەران لە دامەزراوە حکوومییەکان بەشێوەیەکی گشتی بێتەدی، کە ئەمەش تا ئێستا شتێکی لەم شێوەیە نەکراوە، بۆ نموونە مزگەوت هەیە ٣٠ دانە مجێوری هەیە، لە هەمان کاتدا دەبینین قوتابخانەیەك لە پاڵیدا یەك کارگوزاری هەیە، ئەم ڕێکخستنەوەیە زۆر جددییە و دەبێ بە وردی ئیشی لەسەر بکرێت، میتۆد و میکانیزمی وەرگرتنی خوێندکار بۆ بەشە تایبەتەکان پێویستە بگۆڕدرێت، پێویستە خواستی خوێنکار ڕەچاو بکرێت بەڵام هەموو ئەو خواستانە نا کە ئێستا هەیە بۆ بەرژەوەندی پارە هەڵپەی بۆ دەکەن، خواستێك کە ئەهمیەتی باڵا هەر بۆ پزیشکی و ئەندازیاری نەبێت، خوێنکار بە لێشاو پارە بدەن و بچنە دەرەوە بخوێنن و بڕوانامەی ساختەی بێ ئەرزش بهێننەوە و لێرە ببنە موهەندیس و دکتۆر، لە کاتێکدا موهەندیس و دکتۆر پێگەی خۆیانیان هەیە وەکو چۆن ئابووریناسێك و مامۆستایەك و فیتەرێك و کارگوزارێك پێگەی خۆیانیان هەیە.»

د. چەواس حەسەن، مامۆستا لە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەددین، ڕایوایە «خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری نییە، بەڵکو بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەیە و پێویستە کۆمەڵگە سوودی لێ ببینێت، دەکرێ ئەو بابەتانە بخوێندرێت کە بەپێی پێویستی کۆمەڵگەن، یان ئەو بوارانەی کە کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی، بێگومان لە هەموو جیهاندا زانکۆکان بەپێی پێویستیی کۆمەڵگە بەشە زانستی و ئەکادیمییەکانیان دەکەنەوە، بەپێی پلان و پرۆژەکانی دەوڵەتیش بەڕێوە دەبرێن، چ بۆ کەرتی تایبەت و چ بۆ کەرتی گشتی، بۆیە پێویستە ڕەوتی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگەکان و پلان و پەیڕەوی دەوڵەت لەسەر هەردوو ئاست هاوتەریب بکرێن، بە هامەهەنگی و تەنسیق چونکە پێویستی بە تێچوونێکی زۆرە، دەکرێت هەتا خوێندنێکی دیاریکراو بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و ڕۆشنبیری تاك هەبێت، بەڵام زانکۆ و پەیمانگەکان دەبێ بەشەکان بەپێی پێداویستی بازاڕ و کۆمەڵگە بێت، بۆ ئەمڕۆی کوردستان پێویستە دەسەڵات بە هاوکاریی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی خوێندنی باڵا پێداچوونەوەیەك بۆ بەشە پسپۆڕییەکانی سەرجەم زانکۆ و پەیمانگەکان بکات، هەروەها لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێویستە بەشەکان پۆلین بکرێن.

**ڕەچاونەکردنی پێویستییەکانی بازاڕی کار لە کاتی کردنەوەی بەشە جیاوازەکانی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێم و نەبوونی پلانی ورد و دیراسەکراو بۆ ئامادەکردنی دەرچووان بە باشترین شێوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی بازاڕی کار بە هێزی کاری خۆماڵی**

**میتۆد و میکانیزمی وەرگرتنی خوێندکار بۆ بەشە تایبەتەکان پێویستە بگۆڕدرێت، پێویستە خواستی خوێنکار ڕەچاو بکرێت بەڵام هەموو ئەو خواستانە نا کە ئێستا هەیە بۆ بەرژەوەندی پارە هەڵپەی بۆ دەکەن**

